# شێخ محەمەدی خاڵ
# زانایەکی نوێخوازی سەردەمەکەی خۆی

مرۆڤ کاتێک دەتوانێت گۆڕان و ڕیفۆرم بکات کە لەو واقیعەی تێیدا دەژی یاخی بێت و بتوانێت لە دەرەوەی ئەو واقیعەی تێیدا لەدایک بووە شتێکی نوێ دروست بکات، یان بیرکردنەوەیەکی نوێ دابهێنێت و ئەو دۆخە چەقبەستووە بشڵەقێنێت و لە دەرەوەی بازنەی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی دەوروبەری بیربکاتەوە و هەموو خاڵە جیاواز و لاوازەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی خۆی دیاربکات، ئەمە ڕەنگە بۆ وڵاتێکی پێشکەتوو شتێکی زۆر زەحمەت و ناوازە نەبێت، یان بۆ کەسانی ناوەندە مەعریفی و فەرهەنگییەکان ڕەنگە ئاسانتر بێت، بەڵام بۆ شێخ محەمەدی خاڵ، وەک کوڕی کۆمەڵگەیەکی دواکەتوو دوور لە هەموو ناوەندێکی مەعریفی و زانستی و تەواو پاشکەوتوو وەک خۆی دەڵێت: «لە واقعێکدا لەدایک بووم کەس شادی و پێکەنین لەسەر لێوانی نەبووە». شێخی خاڵ لە ناوەندێکی ئایینی زۆر داخراودا لەدایک بووە کە دەست بردن بۆی و ڕیفۆرم و گۆڕان تێیدا هێڵی سوور بووە و وا پەروەردە کراوە کە لەسەر ڕێبازی پێشووەکانی خۆی بڕوات و لادان لێی بێ وەفایی و کاری نابەجێیە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و لەناو تاریکستانی ئەو ڕۆژگار و سەردەمەدا شێخی خاڵ چرای ڕۆشنگەری هەڵکردووەو بە پێچەوانەی خوێنەوارە هاوشێوەکانی خۆی هەنگاوی گەورەی ناوەو لەناو ئەو هەموو گرانی و نەزانی و نەهامەتییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و شوێنەوارە خراپەکانی لەسەر کوردستان کە خەڵکی نانی دەست نەکەوتووە ژیانی خۆی پێ ڕزگار بکات لەمردن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا

**د. ئاراس محەمەد ساڵح**
**(سلێمانی)**

شێـخی خـاڵ خـولیـای نووسین و خوێندن و پێکەوەنانی کتێبخانە بووەتە خولیای و سەدان دەستنووسی بەنرخی لەفـەوتان پاراسـتووە و هەزاران گۆڤـاری ئەو سـەردەمەی دەست خسـتووەو بیـری خـۆی پێ ڕووناک کـردووەتەوە و هەر لەڕێگەی گۆڤـارەکـانی ئەو کـاتی زانکـۆی ئەزهەرەوە ئاشنای قـوتابخـانەی ڕیفـۆرمی جـەمالەدینی ئەفـغـانی و شێخ محەمەد عەبدە دەبێت و دەبێتە یەکێک لە هۆگرانی ئەو قوتابخانە (ئیسلاحیە) و لەوێوە بەهرەو بیرکردنەوەی ئایینی و ڕۆشبیری خۆی دادەڕێژێتەوە، مامۆستای خاڵ هەر لە سەرەتای لاویەوە خولیای نووسین و ئەدەب دەبێتە خـولیـای و دەست دەکـات بەخـوێندنەوەو نووسین و لە زۆرێک لە ڕۆژنامـە و گـۆڤـارەکـانی سـەردەمی خـۆیدا قـەڵەمی تاوداوە و ڕۆژنامـەنووسێکی بە توانا و خـامـە ڕەنگین بووە و هەر یەکـێک لەو نووسـینانە بەڵگەی ڕۆشنفکری و بیر ڕووناکی ئەو زانا بەهرەدارە دەسەلمێنن، هەموو کات لە خەمی بەرەوپێشبردنی باری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی میللەتەکەیدا بووە و هەموو کات لە بیـرکـردنەوە لە دواکـەوتوویی و چەوسـانەوەی میللەتەکەیدا ناڵاندوویەتی و لە خەمی ئەوەدا بووە کە چۆن باری گوزەران و خوێندەواری و سیاسی گەلەکەی چاک بکات، هەر ئەمـەشـە وای لێکردووە کـاتێک سەرجەم نووسینەکانی لە کتێبێکدا کۆدەکاتەوە و ناوی لێ دەنێت (ناڵەی دەروون) ناڵەی دەروونێکی تەواو ڕووناک و پڕ لە خـۆشـەویسـتی ئایین و گـەل و وڵات، دەروونێک کـە ئاسـوودەیی خـۆی لەبەرزی گـەلەکـەیدا بینیوە، دەروونێکی پڕ لە هیـوا و لێـوانلێـو لەعـەشق و خۆشەویستی ، هەر ئەم عەشقە وا لەو زانا بیر ڕووناکە دەکات لە یەکەم لاپەڕەی فەرهەنگە ناوازەکەیدا و لەژێر وێنەکەی خۆیدا بنووسێت:

**ئەمن دەمرم بەڵام وێنەم دەمێنی**
**هیوام وایە کە خۆشی گەل ببینی**

ئەم زانا ڕۆشنگەرەی کورد هێندە عەشقی بووە بۆ وڵات و میللەتی خۆی و تەنانەت دڵشاد و کامەران بووە کە وێنەکـەشی خۆشی گـەلەکـەی ببینێ ، ئەوە عـەشق و خۆشەویستی مامۆستا خاڵە بۆ میللەتەکەی داخۆ لەدوای مەرگی و باڵادەست بوونی گەلەکەی تائەندازەیەکی باش چ عەشق و وەفاو خۆشەویستییەکیان بووە بۆ ئەو زانا



**شێخ محەمەدی خاڵ**

عارف و عاشق و خواناسە کە گەورەترین خزمەتی بەزمان و مێژوو و ئەدەبی گەلەکەی کردووە، بەتایبەتی لە شەوە تاریکەکانی ستەم و دەستبەسەریدا؟! هەروەها دەبێت چۆن پاداشتی گەورەو زانایانی خۆیان بدەنەوە و لەکام کوچە و کۆڵان و شەقام و زانکۆدا چرایان بۆ هەڵبکەن؟ شێخی خاڵ لەو زانا کوردانەیە بە درێژایی مێژووی پڕ ناسۆر و هەڵدێر و نشێوەکانی وڵاتەکەیان هەموو کات بەگژ نەهامەتییەکاندا چوونەتەوە و لە هەموو تاریکییەکدا چرایەکیان هەڵکردووە و لە نەبوون بوونیان دروست کردووە و لەگەڵ نەبوونی هیچ دامەزراوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لە وڵاتەکەیاندا چەندین شاکار و داهێنانی گەورەیان پێشکەش بە گەل و نیشتمانەکەیان کردووە و چرای زانست و پێشڤەچوونیان بۆ هەڵکردوون و نەیانهێشتووە لە کاروانی شارستانی دوابکەون، زۆرکاری سەختیان بۆ نەوەکانی دوای خۆیان ئاسان کردووە و هەموو لایەنەکانی ئەدەب و مێژوو و ئایینیان بۆ ڕووناک کردوونەتەوە وەک ئاسۆی بەربەیان.

شێخی خاڵ لەو زانا بەهرەمەندە هەڵکەوتووانەیە کە بە درێژایی تەمەنی خامە بە پێزەکەی لە خزمەتی ئەدەب و ئایین و مێژوو و زمانی شیرینی کوردیدا بووەو چەندین شاکاری ناوازەی پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی کردووە.
شێخی خاڵ لەسەردەمێکدا ژیاوە کە کوردستان لەبەردەم

شەڕی یەکەمی جیهانیدا بووە، لە ساڵی ١٩١٤ کە شێخی خاڵ تەمەنی ١٠ ساڵ بووە شەڕی یەکەمی جیهانی هەڵدەگیرسێت و ئەو جەنگە کاریگەری کارای بەسەر تەواوی کوردستاندا هەبووە و زۆرێک لە کێشەکان لەسەر خاکی کوردان یەکلا کراونەتەوە، هەر ئەو جەنگە کاولکەرە چەندین نەهامەتی تووشی خەڵکی کوردستان دەکات و هەر لە گرانی و نەبوونی و قاتوقڕی سەفەربەرلک و تالانکردنی داهاتی وڵات و ویرانکردنی ژێرخانی ژیان وهاتنی گرانی گەورەو چەندین نەخۆشی و ناخۆشی بەهۆی جەنگەوە، لە کاتێکدا شێخ لە تەمەنی لاوی گەشەکردندا دەبێت، ئەوە حاڵی وڵاتەکەی دەبێت کە هیچ لەو فاکتەرانە هاوکار و یارمەتیدەر نەبوون کە خوێندن و زانست بەرەو پێش بچێت مرۆڤ بتوانێت ڕاژەی فیکری خۆی بکات، بەڵکو هەموویان ڕێگر و کۆسپی بەردەم خوێندن و گەشەی زانستی بوون لە وڵاتدا.

بەڵام هەموو ئەمانەش نەیانتوانیوە بیری ڕۆشنگەرێکی نوێخوازی وەک شێخی خاڵ تاریک بکەن و نەتوانێت درێژە بەخوێندن و زانست بدات و بکەوێتە هەوڵی پەیداکردنی بژێوی ژیانی، لە کاتێکدا کە نان لە قورگی شێردا بووە و ژیان زۆر لەو ڕۆژگارەدا سەخت و دژواربووە.

هەریەک لە جەنگی یەکەمی جیهانی و ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی لە ناوچەکەدا هاتنە گۆڕێ و سەرهەڵدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بە ڕابەرایەتی شێخ مەحمودی حەفید لەناوچەی سلێمانیدا و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان و بزاڤی ڕۆشنبیری دەسەڵاتە کوردییەکە و هەڵایسانی شەڕی دەربەندی بازیان و ئاوباریک لەساڵی ١٩١٩ دژی بەریتانیا و داواکردنی مافی چارەی خۆنووسی کورد لەلایەن شێخ مەحموود و شۆڕشەکەیەوە لەو سەردەمەدا کە شێخی خاڵ لە سەرەتای ژیانی لاویدا بووە دەوری باڵای هەبووە لە جۆش و خرۆشدانی بیری ڕۆشنگەری لای بیر ڕووناکێکی وەک شێخی خاڵ.

هاتنی ئینگلیز بۆ سلێمانی و هێنانی چاپخانە و دەرکردنی (تێگەیشتنی ڕاستی ) و سەرهەڵدانی بزاڤی ڕۆژنامەنووسی فاکتەرێکی باش بوون کە شێخی خاڵ خولیای نووسین و هەوڵی ڕۆژنامەنووسی لای گەشە بکات و بکەوێتە دنیای نووسین و ڕۆشنبیرییەوە، هەر لەوێوە بیری ڕۆشنگەری لای شێخ سەرهەڵدەدات و ڕۆژ بەڕۆژ بیری ڕووناکتر و فراوانتر دەبێت و دەبێتە مووریدێکی دڵسۆزی بواری ڕۆشنبیری و ئەدەب و خوێندنەوە و دەکەوێتە هەوڵی پەیداکردنی هەموو جۆرە نووسین و کتێب و گۆڤارێکی ئەو سەردەمە و ئاگادارێکی بزاڤی ڕۆشنبیری سەردەمەکەی خۆی بووە، هەر لە ڕێگەی خوێندنەوە و هەوڵی پەیداکردنی بڵاوکراوەکانی ڕۆژگاری خۆیەوە، ئاگاداری قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئایینی جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە و محەمەد ڕەشید ڕەزا دەبێت و گۆڕانێکی ڕیشەیی لە هزر و فیکر و تێگەیشتنی بۆ مەسەلە ئایینییەکاندا ڕوودەدات و بەتەواوی هۆگری ئاراستە فیکرییەکانی ئەو قوتابخانەیە دەبێت و زۆر بەڕوونی لە نووسینەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، بەتایبەتی لە تەفسیرەکەیدا.

## کاریگەری قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی لەسەر شێخی خاڵ

هەرچەندە تا ئێستا کاتێک باس لە قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدەو قوتابییەکانیان دەکرێت، باس لەزانایەکی وەک شێخی خاڵ ناکرێت کە هەمان ڕێچکەی ئەوانی گرتووەو هیچی لەوان کەمتر نییە کە ئەمەش فاکتەر و هۆکاری خۆی هەیە و بەو هیوایەی لەمەودوا توێژەران گرنگی پێبدەن و زانایەکی گەورەی وەک شێخی خاڵ هەقی خۆی بدرێتی.

پێش ئەوەی بێینە سەر بیری نوێخوازی شێخی خاڵ، پێویستە ئاماژە بە سیما و تایبەتمەندییە دیارەکانی قوتابخانەی ڕیفۆرمی فیکری ئیسلامی بکەین.

**یەکەم:** یەکێک لەسیما هەرە دیارەکانی قوتابخانەی شێخ محەمەد عەبدە بەگژاچوونەوەی تەقلید و بیری چەقبەستووی ئایینی بووە کە چەند سەدەیەک بوو هەموو دەرگاکانی ئیجتیهاد و نوێ بوونەوە داخرابوون و زانایان هەر قسەی زاناکانی پێش خۆیان دووبارە دەکردەوە و ئەمەش گەورەترین تەنگژەی فیکری وخوێندنەوەی نوێ بۆ ئایین و هەڵکردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بۆ جیهانی ئیسلامی دروست کردبوو، بەجۆرێکی وەها هەندێک وەها بیریان دەکردەوە کە ئایینی ئیسلام

ناتوانێت ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکانی سەردەم ببێتەوەو چەرخی زێڕینی بەسەرچووە، هەرئەمەش وای کرد کە زانایانی ڕیفۆرمخواز دەربکەون هەریەک لە کەواکبی و جەمالەدین و شێخ محەممەد عەبدە ومحەممەد ڕەشید ڕەزا و شێخ محەممەد مستەفا مەراغی و شێخ محەممەدی خاڵ کەوتنە هەوڵی شکاندنی دیواری تەقلید و توانیان تازەبوونەوە و گۆڕانکاری لە بیری چەقبەستووی سەردەمەکەی خۆیاندا بکەن و بەشێوەیەکی سەردەمیانە تەفسیری دەقە ئایینییەکان بکەن.

**دووەم:** یەکێکی تر لە سیما و تایبەتمەندی ئەم قوتابخانەیە گرنگیدانیان بوو بەلایەنی ئەدەبی کۆمەڵایەتی کە بە (مدرسة اللون الأدبي والاجتماعي) ناسراون گرنگییەکی زۆر بە بوارەکانی ئەدەب و ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لە کولتووری کۆن و بەسەرچوو دەدەن.

**سێیەم:** زانایانی ئەم قوتابخانە فیکرییە پابەند نین بەهیچ ڕێبازێکی فیقهی (المذهب الفقهي) دیاری کراو، چونکە زۆرگرنگی بەولایەنە نادەن، ئەوان زیاتر گرنگی بەکرانەوەو بیری ئازادی ئایینی دەدەن نەک خۆقەتیس کردن بەڕێبازێکی دیاری کراوەوە هەرئەمەش یەکێکە لە خاڵەکانی سەرکەوتنیان و لەسەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا خوێندنەوە بۆ ئەدەبیاتیان دەکرێت و بەهۆی جیاوازی مەزهەبییەوە کەس سڵیان لێ ناکاتەوە، هەرئەمەش زیاتر بەرەو کرانەوە و ڕزگاربوون لە تەقلید دەیانبات.

**چوارەم:** عەقلانیەت و ئازادی عەقڵ لە سیما هەرە دیارەکانی ئەم قوتابخانەیەیە، لەکاتێکدا بانگەوازی ئەوە دەکرا کەدەبێت عەقڵی موسڵمان دابخرێت و مرۆڤ دەبێت کوێرانە شوێنی دەقەکان و فیقهی زانایانی پێشوو بکەوێت، ئەمان بانگەوازی ئەوەیان کرد کە خوای گەورە ڕێزی زۆری عەقڵی مرۆڤی گرتووەو نابێت مرۆڤ کوێرانە تەقلید بکات و هیچ گرنگی بە ژیری و فیکری خۆی نەدات، بەڵکو پێویستە جارێکی تر عەقڵی مرۆڤ شوێنی شایستەی خۆی وەربگرێت و لەسەر بەرچاوڕوونی (البصيرة) شوێن شتەکان بکەوێت.

**پێنجەم:** هەوڵدان بۆ پێکەوە گرێدانی زانست و بیردۆزە زانستییەکانی سەردەم لەگەڵ گیانی ئیسلامداو هەوڵی سەلماندنی ئەوەی کە ئایینی ئیسلام دژی زانست نییە، بەڵکو ئیسلام و زانست تەواوکەری یەکترن و هەردووکیان ژیانێکی پڕ خۆشی بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکەن و بێ زانست مرۆڤ ناتوانێت سەر زەوی ئاوەدان بکاتەوە، کە ئەرک و کاری مرۆڤە و هەر بۆ ئەو مەبەستەش مرۆڤ دروستکراوە، لەم بوارەدا هێندە زیادەڕەویان کردووە هەندێک لە بیردۆزەکان کە ئەمڕۆ نازانستیان دەرکەوتووە ئەوان هەوڵیان داوە و بەڵگەی قورئانیان بۆ هێناوەتەوە کە ئەمە زانستە و قورئان پشتگیری دەکات.

**شەشەم:** گرنگیدان بە گۆڕانکارییەکانی سەردەم هەریەک لە سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و کێشەی ژنان و لاوان لە ئەدەبیاتی ئەودا ڕەنگدانەوەی تەواوی هەیە و جێگەی گرنگی پێدانیان بووە.

تێکەڵاوبوونی شێخی خاڵ لەگەڵ ئەدەبیات و نووسراوەکانی ئەو قوتابخانەیە، دەوری دیار و کاریگەری لەسەر شێخی خاڵ بەجێ هێشتووە، بەشێوەیەکی وەها تەواو عەشقی دەبێت و لە هەموو نووسین و نوسراوەکانیدا بەزەقی ڕەنگی داوەتەوە، ئەگەر سەیرێکی تەفسیرە ناوازەکەی بکەین لە هەموو لاپەڕەیەکدا ئاماژە بە بۆچوونەکانی شێخ محەممەد عەبدە و محەممەد ڕەشید ڕەزا و هاوڕێبازەکانیان دەکات کە هەڵگری هەمان بیرکردنەوە و ڕێبازی نوێگەری و ڕیفۆرمی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسین و دەیەوێت ئیسلاحێکی ڕیشەیی لەسەرجەم ناوەندەکانی ژیاندا بکات، زۆر سوورە لەسەر ئیسلاحی ناوەندەکانی خوێندن و پێشخستنیان و گرنگی پێدانی زۆر بەو بوارە گرنگەی ژیان، بانگەوازی ئیسلاحی زانایانی ئایینی دەکات و داوای وازهێنان لە هەندێ زانستی ڕووکەش و دوور لە هیچ قوڵبوونەوەیەک و هەندێ بیرکردنەوەی خورافی و کردنی بەدین لە خەڵکی و لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بنەمایەکی شەرعی نییە و پێویستە زانایان زۆر جەسوور و ئازا بن و سڵ لە هیچ ڕێگر و بەربەستێک نەکەنەوە و زۆر ئازایانەو بە بەرچاو ڕوونییەوە بابەتە هەنووکەییەکان ڕوون بکەنەوە، هەروەها زۆر گرنگی داوە بە خۆڕۆشنبیر کردن و خوێندنەوەی بەسوود و قوڵبوونەوە لە بوارە مەعریفییە مرۆییەکاندا، بەمەش توانیویەتی سەروەتێکی مەعریفی گەورە لەسەریەک دابنێت و بۆ نەوەکانی دوای خۆی بەجێ بهێڵێت.